کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 1:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوعا شیرینەکەم تکایەبمبەخشن! ... فەرهەنگ ساوانی

دوعا گیان دڵنیام هەر مرۆڤێ، شاعیرێ، نووسەرێکی بەویژدان، ئەوانەی خەونەشیرینەکانی تۆیان خۆش دەوێ، نازانن، وەبەداخەوەناتوانن پڕ بەپڕو پڕ بەپێستی هەستەناسکەکانی تۆ باسی ئەو تراژیدیایەیەمان بۆ بکەن کەئەو جینایەتکارانە، ئەوانەی لەپەڕەزەردەکۆن و بۆگەنییوەکانەوەمەغزو دەروون و ڕوحیان پڕ پڕ کراوەلەبۆگەنیی، ڕك و کین، سکیان پڕەلەبووغز. ئەو کەسافەتانەلەو پەڕەزەردانەوەفێری ئەوەنەکراون کەجوانی بناسن، شیرینی تام بکەن، بزانن عەشق چییە؟ ئەوانەلەمانای خۆشەویستی تێناگەن! ئەو شەمشەمشەمەکوێرانەتەنها فێری ئەوەکراون کەخۆشەویستی و عەشق و جوانی بکوژن.

بڕوام پێ بکەدوعا گیان تا ئەو جینایەتکارانەئەو جینایەتەیان دەرهەق بەتۆ نەخووڵقاند من ناوم نەبیستبووی، زۆر لێتانەوەدوور بووم، ڕەنگم نەبینیبووی. بەڵام ئێستا دوعا شیرینەکەم دەزانم کەناوتان دوعا، یەزۆر لێشتانەوەنزیکم چوونکەمنیش وەك تۆ عەشق و جوانی و خۆشەویستیم خۆش دەوێ، بەڵام بەداخەوەدوای ئەوەی ئەو کەل'لەپووچانەڕوحی ناسك و گیانی پڕ لەخۆشەویستی و میهرەبانییان لەتۆ ستاند، ئەو کەسافەتانەلەشی نازداری تۆیەکی وەك ئاهوو بەبەردو خشت خەڵتانی خوێن کرد، بەڵێ دوای ئەوەوێنەناسك و نازدارەکەشتم دیت !!!!

نازانم چۆن توانیم چاو لەو دیمەنەت بکەم کەتۆیان تێدا لەخاچ دا!؟ دوعا شیرینەکەم هەقی خۆتەکەنەزانی من لەپەرۆشیتانم بوو چاوم لەوێنەکەتان کرد؟ یان تۆ بڵێی، منیش ڕەگێکی ئەهریمەنیم هەبێ؟ دڵنیا بەهەق بەتۆ دەدەم بڕوا بەکەس نەکەی! ئاخەیش دوعا، ئا زیزەشیرینەکەم، دڵنیام زۆر هاوارت کرد، زۆر گریای ... ... زۆر بەرگریت کرد، زۆرنزات کرد دوعات کرد، بەڵام نزا لەکێ دەکەی لەکێ؟ ئازیزەکەم لەکێ دەپاڕێییەوە، لەکێ؟؟ ویستت ڕابکەی، بەڵام نازدارەکەم دەزانم، ئاخر کەی ئاهووی ناسك و نازدار دەتوانێ لەدەستی جانەوەران ڕزگاری بێ؟ زۆر چاوت گێڕا کەسێ بێ بەکۆمەگت بگا، بەڵام نەکەسێ، نەمرۆڤێ، نەپێغەمبەرێ، نەخودایێ، نەسەرکردەیێ، نەفس فس پاڵەوانێ نەبوو بگا بەکۆمەگت !!!؟؟

دوعا شیرینەکەم تکایەتا ئارام بم ڕێگەم پێ بدەن بانگتان بکەم دایك، ەمیهرەبانەکەم، خوشك، ەنازدارەکەم، کیژ، ەناسك و خنجیلانەکەم، تو ئاهوورامزدا بمبەخشن کەتوانیم چاو لەفیلمەکەتان بکەم!

26. 04. 1007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.